ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# "کوردستانی نوێ" و بوش


بەهەڵبژاردنەوەی سەرۆك بوش
ئەمریکاییەکان: بەڵێ بۆ جەنگ دژی تیرۆرو دیکتاتۆریەت

*فاضل قەرەداغی*

**٢٠٠٤/١١/٤**

لەژێر ناوونیشانی" بەهەڵبژاردنەوەی جۆرج بوش.. ئەمریکاییەکان: بەڵێ بۆ جەنگ دژی تیرۆرو دیکتاتۆریەت" ژمارە ٣٥١٦ ی کوردستانی نوێ لە رۆژی ٢٠٠٤/١١/١٤ نموونەیەکی ترمان دەداتێ لەبارەی چەواشەکاری. هەواڵەکە لەبەرزترین شوێنی یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەکەیە، واتە بەرزتریش لەناوی رۆژنامەکە خۆی. چەواشەکارییەکە لەو مانشێتەدا بریتییە لە بەکارهێنانی وشەی "ئەمریکاییەکان" بەو مەبەستەی هەموو ئەمەریکییەکان دەنگیان بۆ بوش داوە لەکاتێکدا تەنها نیوەی ئەمەریکییەکان دەنگیان بۆ بوش داوەو نیوەکەی تر بەو کەسە رازی نەبوون. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکیش بەم جۆرە بوون: بوش ٥٩ ملیۆن دەنگی بەدەستهێنا و کێری ٥٥ ملیۆن دەنگ، بەرێژەش بوش ٥١٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو و کێری ٤٨٪. ئیتر ئەگەر چەواشەکاری نەبێت چۆن بڕیارەکە بەهی هەموو ئەمەریکییەکان دەزانرێ؟ شتێکی تر بریتییە لەوەی دەنگدان بۆ بوش بەڵێ کردنە بۆ جەنگ دژی تیرۆرو دیکتاتۆریەت.

دەنگدان بۆ بوش نەك تەنها لەبەر مەسەلەی تیرۆر بەڵکو شتی تریش هەبوون وەکو ئەجندەی کۆمەڵایەتی وەك دژایەتیکردنی لەباربردن کە ئوسوڵییە مەسیحییەکان تەئکیدی زۆری لەسەر دەکەن، هەروەها رێگەگرتن لە بەیاسایی کرنی زەواجی شازەکان. ئەو ئوسوڵییەتەش لە ئەمەریکادا زۆر بەهێزەو دژ بە کێریو دیموکراتەکان بوو، سەرەڕای ئەوەش ئەمەریکییەکان بەهیچ جۆرێك بوشیان لەبەر دژایەتیکردنی دیکتاتۆریەت هەڵنەبژاردووە چونکە ئەوەی ئەمەریکییەکان بیریان لێ نەکردبووەوە دژایەتیکردنی دیکتاتۆریەکانە بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێکی ئەو ئەمەریکییانەی دەنگیان بۆ کێری دابوو کارە ئیستبدادییەکانی بوشو ئیدارەکەی هانیدابوون ئەمە بکەن. ژمارەیەکیش لەمانە کەسانی رۆشنبیرو کەسانی چەپڕەو بوون. زۆریش لەوانە چوار ساڵ لەمەو پێش دەنگیان بۆ رالف نادر دابوو چونکە ئەجندەکەی نزیکە لە خەمەکانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەڵام ئەم جارە دەنگیان بۆ نەدا ئەویش لەبەر ئەو راستییەی کە دەنگدان بۆ رالف دەنگەکانی کێری کەم دەکاتەوەو بوش زاڵ دەکات هەر وەك چۆن ساڵی ٢٠٠٠ دەنگدان بۆ رالف دەنگەکانی ئال گۆریان کەمکردەوە. بەواتایەکی تر هەموو ئەوانەی دژی دیکتاتۆریەت بوون دەنگیان بۆ کێری دا بەڵام لەبەر ئەوەی کێری دیموکراتیترە لە بوش بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەی ئیدارە موستەبدو شەرانگێزەکەی بوش دەرنەچێتەوە.

کوردستانی نوێ لە جیهانی خەیاڵاتدا دەژی و دەیەوێ وەکو چۆن خۆی چەواشە بوو ئاوەهاش خەڵکی چەواشە بکات. دەسەڵاتیش کوردیش چەند لە تیرۆرو دیکاتۆریەتەوە دوورە یان نزیك .. ئەمە مەسەلەیەکی ترەو پێویستی بەباسێکی ترە، بەسیشە ئێستا بزانین کە ئەو جۆرە ناوونشان و مانشێتانە وا لە کەسێکی بێخەبەر لە کوردستان دەکەن دەسەڵاتی کوردی بە ئاشتیخوازو دیموکرت بزانێ.